# هاریی ڤەن بۆمڵ کتێبک لەسەر جینۆساید دەنوسێت



**ماڵپەری هەڵەبجە..**

پاش ئەوەی ئەندام پەرلەمانی هوڵندی و دۆستی گەلی كورد ( هاری ڤەن بۆمڵ ) سەردانی كوردستانی كرد هەر یەك لەناوچەكانی گەرمیان و هەڵەبجەی بەسەركردوە بەشیوەیەك ئەو كارەساتانەی گەلی كورد كاری لەسەر ئەم دۆستەی گەلی كورد كرد كتیبێك لەسەر (جینۆساید ) بنوسێك وەك خۆی ئاماژەی پیدەكات كتیبەكە پیوستە



سەرجەم خویندکارانی ئامادەیی هوڵندا زانیاری تەواویان لەسەر جینۆساید هەبیت و بەهاوکاری مۆنۆمینتی هەڵەبجە ئەم کارەدەکات ئیمە تەنها لیرە گوزارشتی سەفەرەکەی بۆکوردستان دەخەینە بەرچاووی خوێنەران لەئاییندەدا لەپەیوەندیەکمان بە (هاری ڤەن بۆمڵ ) تەواوی زانیاریەکان بەخوینەران دەبەخشین ..

پرۆسەی ئەنفال و هەڵەبجە.

بە پێچەوانەوەی بیرکردنەوەی خۆم، بۆم دەرکەوت کە ئەنفال و کیمیابارانەکەی سەدام



حوسێن لە ئاستی جیهانیدا نەناسراون. ئەمە بە ئاماژەی بەڕێز هێرۆ خان هاوسەری سەرۆک کۆماری ئیراق لە سەردانێکماندا بۆ ئۆفیسەکەی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممە.

پرۆسەی ئەنفال گەورەترین هێرشی سەربازییە کە کراوەتە سەر کوردەکانی ئیراق بە سەرپەرشتی ئەلی حەسەن مەجید کە دواتر بە ئەلی کیمیایی ناسرا بەهۆی هێرشە کیمیاوییەکەوە بۆسەر هەڵەبجە.

سەدان گوندی کوردی خاپور دەکرێن و پەنجا تا سەد هەزار کورد گیانیان لە دەست داوە لەم هێرشەدا بە پێی هەندی پیاداچونەوە رێژەی قربانیان دەگاتە ١٦٠٠٠٠ کەس.

لە سەردانەکەمدا بۆ هەڵەبجە چاوم بە گۆران ئەدهەم کەوت. ئەوەی کە زۆر هەستی منی وروژاند پاشماوەکانی ئەو کارەساتە بون و خۆیان و یادگاری و بەسەرهاتەکانیان.

لەگەڵ کەسانێک گفتوگۆم کرد کە لە شانزەی سێی هەشتاوهەشت بە یەکجار گشت کاسوکاریان لە دەست داوە. هێشتا کەسانێکی زۆر بەهۆی ئەو کەرەساتەوە بە خراپی باری تەندروستیانەوە دەناڵێنن بەتایبەتی کێشەی سییەکان و پێست و هەروەها بی ئارامی شەو و نوستن و باری دەرونی.

زانکۆی ئێراسمس لە هۆڵندا لە پرۆژەیەکدا لەگەڵ زانکۆی هەولێر هەڵدەستن بە سەرپەرشتی کردنی ئەو کەسانەی ئەو بیرەوەریانە کاری کردۆتە سەر ژیانیان و بیرکردنەوەیان. وە بە ژیازن ئەم پرۆژەیە زیاتر پەرە پێ بدەن لەگەڵ چەند زانکۆیەکی تردا.

ئەم بەیانییە دوای وەتانیک لە شاری کۆلن گەڕامەوە هۆڵندا و ڕۆژەکانی داهاتوم تەرخان دەکەم بۆ ئەوەی توێژینەوەیەک بنوسم لەسەر ئەو شتانەی بینیم و فێری بوم لە سەردانەکەمدا. پڕیارێکم داوە و ئێستا بە تۆی خوێنەری دەڵێم: دەبێت لەگەڵ کۆمەڵەی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە بەرهەمێکی پەروەردەیی دەربکەم کە زانیاری سەبارەت بە جینۆساتد ببەخشێت بە خوێندکارانی ناوەندی لە هۆڵندا. بێگومان کارەساتی ئەنفال و هەلەبجە ڕۆڵی سەرەکییان دەبێت لەمەدا.

ئەم بەرهەمە پەروەردەییە لەگەڵ دی ڤی دی دەدەین بە خوێندنگا ناوەندییەکان. تێیدا باس لا کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە دەکرێ و دەستی کۆمپانیا هۆڵندییەکان تێیدا و فرانس فەن ئەنرات. لە ئێستاوە لەگەڵ مۆنۆمێنتی هەڵەبجە ئیش بۆ ئەم مەبەستە دەکەین.